چیرۆکی وەرگێڕدراو

# له بەهاردا بوو

ن. ئێرنست کلایز ـ چیرۆکنووسی هۆڵەندی

و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە

له هەمان ڕۆژدا، کە ئەڵمانییەکان شارۆچکەکەیان بەجێهێشت (ڕیمی دی فیردت) دەستگیر کرا.

ئەو لە چێشتخانەی ماڵەکەیاندا لەگەڵ (لینا)ی خێزانی دانیشتبوو، منداڵەکانیش نوستبوون. دەرگاکە کرایەوە و بە زۆر حەوت کەس خۆیان بە ژووردا کرد، کە خەتی سپییان بەسەر شانەوە بوو، لەو دەمەدا بوو، کە ڕاگەیەنرا لەمەولا، لای (برۆنتکس) بە ڕێکوپێکی و بەردەوام کار دەستدەکەوێت. ڕیمی دوان لەو حەوت پیاوەی دەناسییەوە، کە لە کارگەی بیرەی (هۆرمانس) کاریان دەکرد. ئەوانی دیکەی نەدیتبوون. هەموویان تفەنگ و دەمانچەیان هەڵگرتبوو. یەک لەوانەی کە دەیناسی هاواری لێکرد:

– هەستە، هەی ئەڵمانیی چەپەڵ، خێرا پێشمانکەوە.

هەردوو قۆڵی ڕیمیان گرت، یەکێکیان بۆکسێکی کێشا بە دەموچاویدا و (لینا) هاواری لێ بەرز بووەوە. لینا ویستی پەلاماری ئەوەیان بدات، کە لە هاوسەرەکەی دەدات، بەڵام بۆکسێکی بەهێزیش بەر سینگی ئەو کەوت، فڕێی دایە ئەو دیووی مێزەکەوە.

(ڕیمی دی فیرات) لە گەورەکەیانی پرسی:

– جۆرس، من چ خراپەیەکم کردووە؟

(جۆرس ولیدت) هاواری بەسەردا کرد:

– بێ قیمەت، ئیشت بۆ ئەڵمانییەکان کردووە.

دوای ئەوەی ڕیمی لە ماڵەکەی خۆی برایە دەرەوە، بەر لەوەی لە ژێر زەمینەکەی شارەوانیدا زیندانی بکرێت.

چەند ساڵێک بەر لە جەنگ، ڕیمی لای بەڵێندەر (برۆنتکس) وەک چاودێری کرێکارەکانی کاری دەکرد. لە کاتی جەنگ و بۆ ماوەی سێ مانگ بێ ئیش بوو. چونکە (برۆنتکس) ی بەڵێندەر و ماڵ و منداڵی چوبوونە فەرەنسا، بەڵام لە مانگی تەموزدا گەڕانەوە ماڵەکەی خۆیان.

لە سەرەتاکانی مانگی ئابدا، برۆنتکس بۆ خۆی هات بۆ ماڵی ڕیمی بۆ ئەوەی کاری لەگەڵدا بکاتەوە. لەو جۆرە، ڕیمی لە کاتی جەنگدا بە زەحمەت گوزەرانی بەسەر دەبرد و جار نا جارێک بێ ئیش دەمایەوە.

(ڕیمی دی فیردت) پیاوێکی بە ئارام و جددی بوو، وەک پێویست کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا. (برۆنتکس) ی بەڵێندەر هێندەی خۆی زیاتر پشتی پێدەبەست. تەمەنی سی و چوار ساڵ بوو، لە بارەی جەنگەوە هەر ئەوەندەی دەزانی کە هاوڕێکانی بۆیان دەگێڕایەوە.

ڕۆژێکی یەک شەممە (جان کلیرک) ی هاوسێی پێی وت:

– ڕیمی کوڕم، ئاگات لە خۆت بێت! وریابە دوای جەنگ شتێکت بەسەردا نەیەت.

ڕیمی بە سەرسامییەوە پرسی:

– بۆ شتێکم بەسەردا دێت؟

(جۆن کلێرکس) وەڵامی دایەوە:

– چونکە تۆ لای برۆنتکس کار دەکەیت، ئەویش ئیش بۆ ئەڵمانییەکان دەکات.

ڕیمی تێکچوو، هەرگیز پێشتر ئەمەی بە بیردا نەهاتووە، ئەو هەمیشە لەگەڵ خاوەن کارەکەیدا ڕاشکاوانە قسەی کردووە، ئەوە بوو خاوەن کارەکەی پێیوت:

– ڕیمی زۆر گوێی مەدەرێ، خۆم هەموو شتێک ڕێکدەخەم، ئەگەر وازیشت لە ئیش هێنا سووک و ئاسان دەتنێرم بۆ ئەڵمانیا.

بەڵام هیچ کام لە کرێکارەکانی برۆنتکس نەنێرران بۆ ئەڵمانیا.

***

لە ڕۆژی ئازادیدا دەستگیریان کرد. دوای ئەوەی بە حەوت کەس بردیان، پێنج گەنج هاتنە

ماڵەکەیان، شووشەی هەموو پەنجەرەکانیان شکاند و هیچ پەنجەرەیەکیان بە ساغی نەهێشتەوە. ئەگەر هەموو شتێکیان تێکنەشکاند، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ (جان کلیرک) و هەردوو کوڕە بەهێزەکەی کە ڕێگەیان نەدان. ڕیمی وەک ئەوەی دەزانی هەردوو کوڕەکەی (جان کلیرک) لە ریزی هێزی بەرگریدا بوون و بە ڕاستی بەرگریکەر بوون. زۆر جار ژیانی خۆیان خستبووە مەترسیەوە کاتێک پەنای سەربازە پەڕەشووتە ئینگلیزەکانیان دابوو. لە یەکێتی (گاند) یش توانییان شەمەندەفەرێکی ئەڵمانی پڕ لە چەک و تەقەمەنی بتەقێننەوە.

کەواتە ڕیمی خرایە ژێر زەمینی شارەوانییەوە، کە شوێنێکە لەوەدایە، هەر شوێنی دانیشتنی لەسەر زەوی ببێتەوە.

لەگەڵ ئەوەدا شازدە کەسی تر دەستگیر کرابوون، کە دووانیان ژن بوون. لە ژێر زەمینەکەی شارەوانییەوە گوێیان لە دەنگی پاسەوانەکان دەبوو، کە لە دەرەوە دەهاتن و دەچوون. لە دوورەوە گوێیان لە نەغمەی موزیک دەبوو. ئاوازی کەڕەناکان، کە پێدەچوو لە دەوروبەریان لێبدرێت. هەوای بۆگەنی نێو ژێر زەمینەکەش بە زەحمەت هەڵدەمژرا. لەوێدا سەریان گێژی دەخوارد و دڵیان تێکدەچوو. پیرەمێردێکیان، کە دەمو چاوی تەواو دیار نەبوو، هەر دەگریا و سەری بە ملا و بەولادا دە هەژاند و بەردەوام دەگریا.

ئەوانی تر بێدەنگ بوون و تەماشای بەردەمی خۆیانیان دەکرد، دەیانزانییە تاریکییە تەمومژاویەکە هەروەک ئەزانن چییان بەسەردا هێنراوە.

کاتەکانی شەوگار بێ کۆتایی بوون. کەس خەوی لێنەدەکەوت. هەموویان تا ڕادەی مردن نەخۆش کەوتبوون و نەدەجوڵانەوە، چاویان نەدەکردەوە. بەیانیی ڕۆژی دوایی ڕێگەیان دان کەمێک هەوای پاک هەڵبمژن. بۆ ئەو مەبەستەش دەبوو ژنێک دوو پیاو هەڵبگرن، کە نایاندەتوانی بە پێوە بووەستن. لە حەوشەکەی ئەو دیووی بیناکەدا، لەسەر زەوی درێژیان کردن. بای ساردی دەمە و بەیانی وریایی پێدەدان. هەر یەکە و پەرداخێک ئاویان پێدان، بەر لەوەی بیانکەن بە سێ ڕیز و بیانبەنە سەر شەقامەکە لەگەڵ پاسەوانەکاندا. لە (بۆتسترت) کۆمەڵێک مێرد منداڵ کەوتنە هاوار و فیکە لێیان و بەردەباران کردنیان. (ڕیمی دی فیردت) ئەوەندە نەخۆش و نا ساغ بوو هەستی بە هیچ شەرمەزاریەک نەدەکرد ئەگەر، یەک لە ناسیاوەکانی بیاندیتبایە، باشە، بەردێکی بەرکەوت و خوێن بە شان و ملیدا هاتە خوارەوە.

گەیشتنە کارەگەی شقارتەی (فۆن هیلمرس)، کە دەکەوێتە بەرەکەی تری شارەوە. پاسەوانەکان دەرگا ئاسنینەکانیان لەسەر کلۆم دان، دواتر بە شەق و بۆکس هەموویان خستنە نێو شوێنێکی کۆن و چۆڵی شت چاککردنەوە، کە هەموو شووشەی ساپیتەکەی شکابوون. پێش

ئەوان چەند کەسێکی دیکە، لەو کارگەیەدا بوون، خەڵکانێک لە شارەوە هێنرابوون، یان لە دەوروبەری شارەوە. ڕیمی ژمارەیەک لەو سێ چاودێرەی ناسییەوە کە لەلایەکەوە وەستابوون، ئەوان کوڕگەلێکی شۆرەت خراپ بوون، ئەوانە لە کاتی جەنگدا لە بازاڕی ڕەشدا ئیشیان دەکرد.

گومان لێکراوەکان دەیانڕوانییە دەموچاوی پاسەوانەکانیان. زۆرینەیان ئاسەواری توندوتیژی لە ئاست بەکارهێنانیان پێوە دیار بوو. ژنەکان چۆنیان بۆ ڕێکەوتبێت قژیان دەسکەنە کرابوو.

هەندێکیان بە چاوێکی سەرگەردانەوە دەیانڕوانییە پاسەوانەکان و کەسیان هیچ جووڵەیەکیان نەدەکرد، تا ئەو دەمەی پاسەوانەکان دەستیان لێ بەرز دەکردنەوە و کەوتنە قسە پێوتن و تف لێکردنیان و کەسیش لە قسەکانیان تێنەدەگیشتن. دەمە و نیوەڕۆ، مەنجەڵێکی گەورەیان هێنا.. پەتاتە بوو و هەر یەکە و چوار پەتاتەیان پێدان لەگەڵ پەرداخێک ئاودا.

(ڕیمی دی فیردیت) یش وەک ئەوانی تر خۆی لەبەر ئەو حاڵەتەدا ڕادەگرت. لەوانەوە کە دەکرا و دەوترا بیرۆکەیەکی لەلا دروست بوو، بۆ دەستگیرکردنی خۆی و هاوەڵەکانی و ئەو بە خراپ مامەڵە کردنەی لەگەڵیاندا کراوە. پێنج شەش لاویان لەگەڵدا بوون، کە لەوان کەمتر شپرزە و تێکچوو بوون. ئەمان بە دەم پێکەنینەوە قسەیان دەکرد و لەشێوەی بازنەدا دادەنیشتن. بە ڕق و کینەوە تەماشای پاسەوانەکانیان دەکرد. کاتێک دوان لە پاسەوانەکان بۆلێدان تێیاندەکەوتن لێیان دەگەڕان و لە حەژمەتان دانیان لێ چیڕ دەکردەوە، بێ ئەوەی هیچ هاوارێک بکەن، بەڵام لەتاو لێدانەکان سیمای دەموچاویان دەگۆڕا.

بەڵام، پێدەچوو کەسیان ئاگایان لەو نەبووبێت. هەموویان لە شوێن خۆیان دەمانەوە، بە پێوە، بە دانیشتن بێت یان بە پاڵکەوتنەوە.

دوو پاسەوان هاتن بۆ ئەوەی پیاوێک لە گیراوەکان بەرن. بینییان لە پشت دەرگاکەوە خۆی حەشارداوە. توانییان ڕستەی (پاسەوانی تایبەت) بخوێننەوە، کە بە تەباشیر نووسرابوو، ئەوسا هەرایەک نرایەوە. هاوار، ناڵە، لێدان. وەستان، دەرگاکە کرایەوە و پیاوەکە بە حاڵەتێکی زۆر خراپەوە هێنرایەوە، بە جۆرێک بە ئاسانی نەدەناسرایەوە. بە هیلاکییەکی زۆرەوە کەوتە سەر زەوی و خوێن هەڵهێنانەوە.

دە، بیست، سی کەسی تر دەبوو هەمان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەموویان لەوێدا بوون، ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕا و، لە بێدەنگییەکی مەرگ ئامێزدا چاوەڕوانیی چارەنووسیان دەکرد. هەندێکیان تاڕادەیەک بە ڕەزامەندیی خۆی دەچوو لەگەڵیان، هەروەک عەقڵی لە دەست دابێت و نەزانێت چی دەبێت و چی ڕوو دەدات. بەڵام ئەوانی دی خۆیان بە دەستەوە نەدەدا و لە پاسەوانەکانیان دەدا. بەڵام، بە لێدانی چەکوش و شەق تا دەرگاکە ڕایاندەکێشان. یەک لەوان

کوژرا، دوای ئەوەی گازی لە دەستی یەکێک لە پاسەوانەکان گرت، ئەمەیان بەو پەڕی توندی لێدرا و بە قاچەکانی ڕایانکێشا و دواتر لای دیوارەکە بەجێیان هێشت.. ئێوارەیش.. مرد. هەندێک لە پاسەوانەکان حەزیان نەدەکرد بە خراپی مامەڵە لەگەڵ گومان لێکراوەکاندا بکەن. ئەمان لەوانە بوون کە ڕیمی لە سەردەمی جەنگدا چەند جارێک لای (جان کلیرک) بینیبوونی. بەڵام، دەبوو لەگەڵ جوێنی نابەجێدا لەگەڵ هەرا و زەنادا نارەزایی دەربڕان دەربکرێن. دەبوو لە نزیکەی کاتژمێر چوار دەستگیر کراوەکان بهێنرێتە دەرەوە. حەوشەکەیش پەکپارچە بوو بووە قوڕ و لێتە و ئەستێڵی ئاو.

لای دیوارەکەوە هەموویان ڕیزکران. دواتر سەرۆکی پاسەوانەکان کە پیاوێکی قەڵەو و چاویلکەیەکی لە چاودا بوو فەرمانی دا:

– ڕاکشێن!

ئیتر ناچار بوون بکەونە سکە خشکێ لەناو قوڕ و چڵپاوەکەدا بەسەر دەست و ئەژنۆ بڕۆن و بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. ئەوەی بە خێرایی نەڕۆیشتایە دەدرایە بەر شەق.

پاسەوانەکان لە ناوەڕاستا وەستابوون و زۆربەشیان سەرخۆش بوون، وەک شێت بە دیمەنی زیندانییەکانی نێو چڵپاوەکە پێدەکەنین. ئەم حاڵەتە چەندین کاتژمێری خایاند. تا دواجار گەیشتنەوە شوێنەکەی خۆیان.

کەس گوێی بەو قوڕ و لیتەیە نەدەدا، کە بە جلوبەرگەکانیانەوە بوو و کەسیش دەستی نەشۆرد. بارانیش لە کونی سەقفەکەوە دەهاتە خوارێ. ئەم حاڵەتە سێ ڕۆژی ڕەبەق بەردەوام بوو، بەبێ خواردن و لەگەڵ گۆڕینی شێوازەکانی توندوتیژی. ڕۆژی سێهەم کەسێک نەبوو بتوانێت بچێتە پێشەوە یان پەرچەکردارێکی هەبێت لە ئاستی لێدانەکان و هەموویان لەنێو قوڕ و چڵپاوی ساحەکەدا بە ڕاکشاوی مانەوە. لە بەیانیی ڕۆژی چوارەمدا، ئەفسەر هاتن و ئیتر لەوەوە بارودۆخەکە باشتر بوو.

گیراوەکان لە مرۆڤ نەدەچوون، سەرتاپایان بە قوڕ داپۆشرابوو، چاوەکانیان مات و مەلوول و سیمایان شەکەت، قسەیان بۆ نەدەکرا، ڕووخساریان تەعبیرێکی نائامادەی ئەوان کەسان بوون کە لە تێگەیشتن مانیان گرتبوو.

فەرمان دەرکرا، هەموویان هەڵسانە سەر پێ و منجەمنجیان دەهات و دەستیان خستبووە سەریان تا خۆیان لە لێدان بپارێزن. بە دوو لۆری بردیانن بۆ ئەو سەربازگەیەی ئەڵمانییەکان لەکاتی جەنگدا کردبوویانە گرتووخانە.

***

دوو ڕۆژ دوای گەیشتنیان ڕیمی هۆشی هاتەوە. لە یەکێک لە کۆلیتە شڕ و پڕەکانی سەر بازگەکەدا لەسەر کۆمەڵێک گژوگیا ڕاکشابوو هێشتا هەموو دەستگیر کراوەکانی تر خەوتبوون. پیاوێکی پیری لە ملای و کوڕێکی سورەش لەولایەوە بوو. هەموو ڕووخسارەکان هەمان ڕەنگی خۆڵەمێشی سەوز باویان هەبوو، ڕیشیشیان ڕەنگی هەمان ئەو گژوگیایەی گرتبوو، کە لەسەری پاڵ کەوتبوون. هەر ئەو جلوبەرگانەیشیان لەبەردا بوو، کە پێیەوە دەستگیر کرابوون. جلوبەرگی شڕ و پڕ و قوڕاوی. هەموویان تەواو لە یەک دەچوون، هەموویان خەوتبوون، تەنها دەنگی هەناسەدانی قورس دەبیسترا بە چاوی نوقاوەوە، گوێیان لە دەنگی نیمچە خنکاو بوو چرپە چرپیان بوو و کتوپڕ هەوای شوێنەکەیان پڕ دەکرد کە پڕ بوو بوو لە تۆزی پووش و گژ و گیا و بۆنی ئەو جەستانەی کە ماوەیەکی زۆر بوو خۆیان نەشۆردبوو.

ئەو پیاوەی لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو بە پەرۆیەک سەری پێچابوو پرسیاری لێکرد:

– کە هاتینە ئێرە تەندروستیت باش نەبوو. وا بزانم حەشریان پێکردێت.

ئەو بە شێوەیەکی ئاسایی قسەی دەکرد و ڕیمی وەڵامی نەدەدایەوە. چونکە هێشتا سەری ژانی دەکرد و سەرەتا و کۆتایی بۆ ئەوە نەدەدیتەوە کە بەسەریدا هاتووە. هەموو گیانی دەئێشا، تەنها بیری دەکردەوە... (لینا)، هەردوو منداڵەکەی.. جیان و میلیلک.. ئەوە یەکەمین جار بوو بیری لەوان دەکردەوە. ئەمەی لەبەر خۆیەوە وت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کات لای ئەو ئامادە بوون، ئەو ڕۆژانەی لای ئەو درێژ دەبوونەوە تا ڕادەیەک نا ڕاستەقینە و تەمومژاوی و لە دەرەوەی ڕەوتی سرووشتی کات یا زەمەن بوون، تا ئەو ڕادەیەی نەیاندەویست گوزەر بکەن و بگەن بەو ڕۆژانەی لە مێشکی داماویدا ماون. چەندە حەزی دەکرد ماوەیەک بە تەنها بووایە. بەڵام پیاوەکەی لایەوە باسی ئەوەی بۆ دەکرد، کە چۆن و بۆچی هێنراوەتە ئێرە. ڕیمی نیوەی ئەوەیشی نەدەزانی. گەنجەکەی ئەو لایەوە هەستا و لەسەر پووش و پەلاشەکە چوار مشقی دانیشت و بە نیگەرانییەوە بۆ شتێک دەگەڕا.

ئێستا هەموویان هەڵساون، لای دەرگاکە و پێشاوەکە کەوتبوونە قسەوباس و مشتومڕ. ڕیمی تێبینی کردە کە قسە کردن ئازاری دەمو ددانی دەدات، چونکە بۆکسێکی بەهێزیان دابوو لەلای ڕوومەتی چەپی. بۆیە نەیدەتوانی قسە بکات.

دوای ئەوە وەک زیندانییەک ژیانی بەسەر دەبرد. ناچار بوو هاوەڵەکانی بەیانی و ئێوارەی بناسێت. هەندێکیانی پێشتر دەناسی. بەڵام کەسێکی لە نێویاندا شک نەدەبرد کە پەیوەندیی لەگەڵدا ببەستێت. بۆیە گۆشەگیر مایەوە.

ئەگەر لە قسەیەکیشدا بەشدار بووایە، ئەوە بە هۆی ئەو کاتانەوە بوو، کە تا بێ کۆتایی بوون

درێژ دەبوونەوە، وێڕای سەرقاڵبوونی زیندانییەکان بە قسەکردنەوە بەبێ ماندوو بوون، هەر چەندە لەسەر پووش و پەلاشیش دانیشتبوون. پیاوێکی ئاینی وەک قەشە هاتە سەربازگەکە، ڕیمی داوای هەواڵی ژن و منداڵەکانی لێ کرد، ڕۆژی دوایی قەشەکە هاتەوە و پێڕاگەیاند کە هەموو شتێک ئاساییە.

ڕۆژان بە نیگەرانی و سارد و سڕیی بێزارکەر گوزەریان کرد. شەو زوو داهات، لەو ناوەدا هیچ رووناکییەک نەبوو، زیندانییەکانیش بە چپە ئەزموونەکانی خۆیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. هەر لەو ناوچەیەدا دەکۆلیتەی تر هەبوو، دەبوو هەموو ڕۆژێکیش لە دەشتاییەکەدا چەند سەعاتێک سکەخشکێ بکەن. لە دواین ماڵ و لە کۆتاییدا ئێواران لەگەڵ قەشەکەدا دەچوونە نوێژ کردن. ڕیمی هەندێ جار لەگەڵیان دەچوو. سەربازگەکەش بە تەلی دڕکاوی دەوره درابوو، تا کەس لێی نزیک نەکەوێتەوە، شوێنی پاسەوانەکانیش لای دەرگاکە و چوار ڕەشاشیش لەسەر چوار قوللەی چاودێری کردن بە پاسەوانەوە دانرا بوون.

***

سەر لە بەیانیی ڕۆژێکی دوو شەممە، هەر هێندەی گەڕانەوە نێو کۆلیتەکە، یەکێک لە پاسەوانەکان خۆی بەژووردا کرد و ڕووی کردە ڕیمی:

– تۆی ڕیمی دی فیردت وا نییە؟

* بەڵێ گەورەم

– باشە! منیش ئەوەم دەوێ. هاتووم هەواڵت پێتڕابگەیەنم کە ژنەکەت لەسەرە مەرگدایە.. دەتوانیت ئێستا بڕۆیت بە زیندوویی بیبینیت.. یان کە مرد ئامادەی ناشتنەکەی بیت. چۆن خۆت بە باشی دەزانیت. پاسەوانەکە هەر وەک لە ئاهەنگی بووک گواستنەوەدا بێت بەو جۆرە قسەی دەکرد.

(ڕیمی) هەروەک کەسێک واقی وڕما کە چەکوشێک درابێت بە تەوقی سەریدا. وەک شتێک چاوی دەکردەوە و پەنجەکانی دەنوشتانەوە تا هەست بە ئازاریان بکات، گوێی لەوەش نەدەگرت، کە وەلامێکی دەویست.

– کەواتە، لێم تێنەگەیشتیت؟

* کەواتە، ژنەکەم نەخۆشە؟

– ئەگەر هەر.. هاتن و وتیان لە گیانەلادایە، دەتوانیت هەر ئێستا بچیت بۆ بینینی، یان کەمرد بچیت بۆ ناشتنەکەی.

دوای چارەکە سەعاتێک، ڕیمی دی فیردت بە شەقامەکانی شاردا بە دەستی کەلەبچە کراوەوە دەپەڕیەوە و دوو ئەفسەریشی لەگەڵدا بوون.

ئەو دەگریا و ئەفسەریەکانیش کپ و بێدەنگ بوون. ڕیمیش بە بێدەنگی دەگریا.

هەرسێکیان هەنگاو هەنگاو بە شێوەیەکی ئامێر ئاسا دەڕۆیشتن و بیریان لەوە نەدەکردەوە ئەو خەڵکەی وەستاون و تەماشایان دەکەن چی دەڵێن و چی ناڵێن. ڕیمی ڕاستەوخۆ دەیڕوانییە پێش خۆی. بەڵام ناوی خێزانەکەی هەمیشە لە گوێچکەکانیدا دەزرنگایەوە و لەوەدابوو مێشکی کون بکات:

– لینا.. لینا.. لینا

– لێدەم. بە دەنگێکی دوو دڵەوە ئەمەی وت.

یەکێک لە ئەفسەرەکان لە دەرگاکەی دا. دایکی لینا هات و قاپیەکەی کردەوە. کە ڕیمی بینی هەڵبەزیەوە. ئەفسەرەکان کەلەپچەکەیان لە دەستی کردەوە. جاک و میلیک لە پشت نەنکیانەوە وەستابوون و خەم و ناسۆر لە ڕووخساریان بەدی دەکرا. مناڵەکانی کردە ئامێز، لە خەسووی پرسی:

– لینا چۆنە؟

سەرێکی لەقاند و وتی:

– بە هۆی ئەو شۆکەی ئێوارەی گرتنەکەی تۆوە بوو.

ئەمەی وت و بە قادرمەکەدا سەرکەوت. ڕیمی میلیکی دانا و دوای کەوت. هەردوو ئەفسەرەکەش بە دوایانەوە بوون. لای دەرگای ژووری نووستنەکەوە ڕاوەستان. ئەو دەرگایەی کە دەبێ کراوە بێت تا ئاگایان لە ڕیمی بێت.

یەکێک لە ئەفسەرەکان وتی:

– تەنها دە خولەک.

ڕیمی لە دوای خەسوویەوە چووە ژوورێ. ژنێک لەوێ بوو لای لینا. لەسەر مێزەکەی ئەو دیوی سیسەمەکەوە خاچێک دانرابوو و مۆمێکیش خرابووە نێو دەمی بوتڵکێیەوە. لینا ئەو بەیانییە ئامادەی کردبوون.. لینا چاوی لە دەرگاکە وەرنەدەچەرخان، چونکە هەواڵی هاتنی ڕیمیان دابووبێ. هیچ شپرزە دەرنەدەکەوت و سۆز و بەزەیی دەرنەدەخست. بەڵام بە زەحمەت هەناسەی هەڵدەکێشا و هەناسەدانەکانی کورتبوون و ڕیمیش هەستی بەوە کرد. چوو لای سیسەمەکەوە دانیشت و دەستە سپییە باریکەکەی گرت.

– ڕیمی!

– لینا!

چاوەکانی نوقاند و پرسیی:

– زۆریان لێداویت؟

– نەخێر لینا، لێیان نەداوم.

بەڵام وادەرنەدەکەوت باوەڕ بەم وەڵامەی ڕیمی بکات. ڕیمی هەستی کرد لینا پەنجەکانی دەگوشێت، دەستی هەڵگرت و خستییە سەر لاملی.

– ڕیمی!

– لینا!

– هەمیشە خۆشمدەویستی؟!

– منیش لینا، هەمیشە خۆشم ویستوویت و خۆشت باش دەزانیت.

– بەڵێ ڕیمی.

قوڕگی تەواو نەبوو نەیدەتوانی بە ئاسانی قسە بکات.

– ڕیمی، دەبێ کراسێکی پاک بکەیتە بەرت.

– باشە لینا گیان.

***

– ڕیمی، کەی دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە؟

– وا بزانم تەنها سێ چوار ڕۆژێکە.

***

– ڕیمی؟

– بەڵێ لینا گیان.

– لەم سەربازگەیەدا لێیان داویت؟

– نەخێر لینا گیان.

***

– ئەگەر هاتیتەوە، دەبێ لێرە بارکەیت ڕیمی گیان.

– بەڵێ لینا گیان.

– دایکیشم لەگەڵ خۆت بەرە.

– ڕاستەکەیت. دەبێ بیبەم.

– ڕیمی، ئەی ئەم ئەفسەرە بۆ لێرەیە؟
– ئاا، لەگەڵمدا هاتووە، پیاوێکی باشە.
– دەستم لێبدە ڕیمی، جارێکی تر با دەستت بەرم بکەوێت.
ڕیمی بە نەرمونیانی دەستی خستە سەر ڕووخساری. ئەویش جارێکی تر چاوەکانی نوقاندەوە و هەناسەی ئارامتر بوو.
لە مۆمەکەوە ڕووناکییەکی خۆڵەمێشی بەخش دەبوو، بارانیش بەر پەنجەرەکە دەکەوت. لۆرییەک لەو کاتەدا گوزەری کرد و ئەو شەقامەی هەژاند. ئەو ژنەی کە ڕیمی نەیدەناسی لە بەردەم مەریەمی پاکیزەدا مۆمێکی دادەگیرسان، مۆمی سەر ئاگر دانەکە. دایکی لیناش چاوی بڕیبووە کچەکەی. ئەفسەرەکەش لەسەر دوا پلەی سەرەوەی قادرمەکە دانیشتبوو و منداڵەکەی خستبووە سەر ئەژنۆکانی. کچە بچکۆلەکەیش دانیشتبوو لە پلەیەکی خوارتردا. ئەم ئەفسەرەیان دەستی کرد بە گێڕانەوەی هەقایەتێک، ئەفسەرەکەی تریش پشتی دابوو بە دەرگاکەوە و دەیڕوانیە زەوی. کەمێک دوای ئەوە دەرگاکەی کردەوە و بە ئەسپایی چووە پێشەوە و دەستێکی خستە سەرشانی ڕیمی و وتی:
– دی فیردت، بە داخەوە کوڕم.. کاتەکە تەواو
ڕیمی ئاوڕی لێدایەوە و ئەفسەرەکەیش چاوی بڕیە زەوی، چونکە زیندانییەکەی بە ڕەنگ هەڵبزرکاوی بینی.. دایکی لینا ئیشارەتی دایێ. ئەفسەرەکەش سەری لەقاند و بەدەم هەناسە هەڵکێشانێکەوە وتی:
– منیش خێزانم هەیە.
ئەفسەرەکەی تری هاوڕێی وازی لە گێڕانەوەی هەقایەتەکە هێنا.
لینا لەوە دەچوو خەوتبێت.. (ڕیمی) بە هێمنی دەستی خۆی لە ژێر دەستی لینا ڕاکێشا نەبادا بە ئاگای بهێنێتەوە. دووبارە هەستایە سەر پێ و بەسەر ڕووخسارە زەرد هەڵگەڕاوەکەی لینادا چەمایەوە، ئەو دەستەی ماچ کرد، کە لەسەر چەرچەفەکە دایبنابوو. بە بێدەنگی بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و ئەفسەرەکەیش لە پێشیەوە.
– ڕیمی!
ئەم هاوارە هەموو ماڵەکەی گرتەوە، لە سەرەوە تا خوارەوە. لینا لەسەر پێخەوەکە دانیشتبوو، باوشی بۆ ڕیمی گرتبووەوە. فرمێسک چاوەکانی گەشاندبووەوە و تایەکی گەرمیشی ڕووخساری ئاگردا بوو.
بە بازێک، ڕیمی خۆی گەیاندە لای، جەستە لاواز و بچکۆلەکەی کردە ئامێز و بە هێمنی پاڵی

خستەوە و ڕووخساریشی خستە سەر ڕووخساری هاوسەرەکەی.

ڕیمی دی فیردت دایە پرمەی گریان، بەو گریانەی هەموو ئەو ئازارانەی دەرپەڕاند کە دەمێکبوو لە سینەیدا پەنگی خواردبووەوە، هەموو ئەم خەم و ناسۆرەیش، کە ڕۆژانێک بوو دڵی تەنگ کردبوو لیناش هەردوو دەستی نابووە سەر شانەکانی ڕیمی، هەردوو ئەفسەرەکەیش لەبەر دەرگاکەدا وەستابوون، تەماشای دەرەوەیان دەکرد. دواتر هەردوو منداڵەکەیش کەوتنە گریان و دایکیشیان گریا.

ڕیمی گەڕایەوە سەربازگەکە لەگەڵ هەردوو ئەفسەرەکەدا، سەری دانەواندبوو بە زەحمەت هەنگاوی دەنا و لەوەدا بوو لەسەر شۆستەکەش بکەوێت. هەستی بە هیچ شتێک نەدەکرد. وەک مردوویەک دەڕۆیشت. ئەفسەرەکەی لای ڕاستییەوە قوتو و یەک تووتنی خستە گیرفانی زیندانییەکەیەوە بەڵام زیندانییەکەی هەستی بەوە نەکرد. ئەوی تریشیان کۆتەکەی دەستی ڕیمیی گرتبوو. نەدەبوو بەر لەوەی بگەنە دەرگای سەربازگەکە کۆتەکە بخەنە دەستی، بەڵام ڕیمی گوێی پێ نەدا. تا ئەو ساتەش باران بەردەوام دەباری. تەنانەت بارانیش لای ئەو هیچ جێی سەرنج و بایەخ نەبوو. جارێکی تر، پاسەوانەکە هاتەوە نێو کۆلیتەکە. جارێکی تریش بەرانبەر ڕیمی وەستا کە لەسەر پووش و پەڵاشەکە دانیشتبوو و سەری خستبووە نێوان هەردوو دەستی. لەوەتەی گەڕابووەوە، قسەی لەگەڵ کەسدا نەکردبوو. پاسەوانەکە تەماشایەکی کرد و خۆی شپرزەنواند. دوو دڵ بوو، دواتر چەند مژێکی لە سبیلەکەی دا و وتی:

– دی فیردت.. کوڕم، مرد... سبەینێ تەرمەکەی دەنێژرێت. ئەمەی وت و ڕۆیشت.

بێدەنگی لە کۆلیتەی ژمارە ١٤ دا تا ڕادەی تۆقین بوو.

***

شەوی بە بەزەیی بەسەر زەویدا هاتبوو و چارۆکەی لە بیرچوونەوەی دابوو، بەسەر کۆلیتەکانی سەر بازگەی بە زیندان کراو. لە کۆلیتەی ژمارە (٧) دا، کە گەورەترینی کۆلیتەکان بوو، چەند کاژێرێک جووڵە و هەرایەک بەردەوام بوو. وەک هەموو ئێوارانێک، هەرا و زەنایان بوو، گۆرانییان دەوت، هەرایان دەکرد، تا ئەو دەمەی دەنگێکی گڕ و گەورە بەسەر هەرا و زەناکەدا زاڵبوو، ئەو کات هەموو زیندانییەکان بێدەنگبوونەوە و کشانەوە نێو تاریکییەکە.

هەردوو گڵۆپەکەی نێوان کۆلیتەکان بە هۆی ڕەشەباکەوە دەجوڵانەوە و زیکەیان لێ بەرز دەبووەوە و پریشکی ڕووناکییان دەپرژاند، بەسەر ڕێگەکە و ئەستێڵە ئاوەکاندا. دوو پاسەوانیش بە هەنگاوی ڕێک بەلای کۆلیتەکاندا دەهاتن و دەچوون. لەگەڵ داهاتنی شەویشدا، بای ساردی خۆرئاوا هەڵیکرد و ئاوی بارانەکەیش بەلاری خۆی دەدا بە شووشەی باش دانەخراوی

پەنجەرەی کۆلیتەی ژمارە (٦) دا و تەمومژەکەی لەسەر لادەبرد، ئەستێرەکانی دەردەخست، مانگیش دەرکەوت. لەم کاتەدا زیندانییەکان دەخەوتن، جگە لە (ڕیمی دی فیردت) کە لەسەر پووش و پەڵاشەکە ڕاکشابوو. ماوەیەکی زۆر بەو جۆرە مایەوە، هەردوو دەستی نابووە پشت ملی و لە ساپیتە تاریکەکە ڕامابوو، گوێی لە هەناسەی قورسی هاوڕێ خەوتووەکانی گرتبوو.

دواتر زیاتر چاوی بڕییە ئەو گۆشەیەی، کە لە هەموو شوێنێکی کۆلیتەکە تاریکتر بوو، چاوی ژانی دەکرد، دەسووتایەوە، هەروەک بۆ ماوەیەکی زۆر ڕوانیبێتە ڕووناکییەکی بەهێز. ئایا دەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە ئێستا چی بۆ دەکرێت؟

نەیدەتوانی ئەوەندە بیر بکاتەوە. ڕیمی ئیتر بیری نەدەکردەوە. بە کورتی... لێگەڕا بیرۆکەکان خۆیان خۆیان بکەن بە مێشکیدا، هەر پڕا و پڕ وەک ژوورێکی بێ دەرگا و پەنجەرە، یان دەرگا و پەنجەرە والا. شتە مەئلوفەکان و وێنە هەژێنەرەکان زۆر بە خاوی دەهاتن، لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا، بۆ هاوسێکان، بۆ هاوەڵانی ئەم مەینەتی و دەردەسەریەی ئێستای، وێنەکان هیچ پەیوەستییەکیان لە نێواندا نەبوو، لۆژیکیانە لە یەکێکیانەوە نەدەچووە ئەوی تریان، وەک مێشێک، وەک پەروانەی دەورەی شەمی سووتێنەر بوو. دواتر دوور دەکەوتەوە و دیسان دەهاتەوە بۆ هەمان خاڵ... لینا...

– ڕیمی.

– لینا؟

– بە ڕاست لێیاندایت یا نا؟

– نەء لینا، لێیان نەداوم.

***

لە کونجێکی سینەیدا، شتێک وەک ئاسنی سوورەوەکراو دەیسوتاند، ئاواتە خواز بوو لە بیری بچێتەوە و چیدی هەستی پێنەکات، لە خۆی دوور خستەوە، بەڵام بەبێ وەستان و وەک ئامانج و ئاسەواری ئەوەی ماوەتەوە دیسان دەگەڕایەوە.

***

– ڕیمی.

– بەڵێ لینا گیان.

– کە هاتیتەوە، دەبێ لێرە بارکەیت.

– باشە لینا گیان.

***

کاتەکان بە خاوی گوزەریان دەکرد، بە خاویش بزر دەبوون. پەنجەکانی کەوتبوونە ژان ئەوەندە خستبوونییە پشت سەری، کەچی لای نەدەبردن ئێستا و دووبارە، گوێی لە هەناسەدان و هەناسە وەرگرتنەوەی هاوەڵانی دەگرتەوە کە دەووت ئاهو هەناسەی ساردی بە ئارامن، گوێی لەمەیان دەگرت کە بەدەم خەوەوە وڕێنەی دەکرد و شتی نادیاری دەوت، یان هەر دەکۆکی و دەکۆکی. گوێی لە خشەی قاچی پاسەوانەکە بوو لەبەر دەرگاکە و گڤەی باکەی سەربانیشی دەهاتە گوێ. هەروەک کەسێک بەسەر کۆلیتەکەدا بڕوات. ئێستا، ڕیمی دی فیردت بیر لەوە ناکاتەوە چی بەسەردا هاتووە، لەو ساتەوە لەنێو ماڵ و منداڵی هەڵیان بچوڕقاند، تا زیندانی کردنی لە ژێر زەمینی بینای شارەوانی و دواتر لە کارگەی کۆنی شقارتە دروست کردندا. بیری لەو لێدانانە نەدەکردەوە، هەروەها لە سکەخشکێی نێو قوڕ و چڵپاوەکە و لە برسێتی... وەک مرۆڤێکی هیوا بڕاو، بێ ڕۆشنایی، بێ خودا و خاوەن بوو. تەنها چاوەڕێی ئارامگرتن و زەلیل بوون بوو. ئەوانەی نەدەبینی وەک سەگی هار کەوتبوونە وێزەی، هەر گوێی لەو هاوار و نەڕەیە وبوو کە زاڵبوو بەسەر دەنگی دەستگیر کراوەکاندا.

***

– ڕیمی.
– بەڵێ لینا گیان.
– بەردەوام خۆشم ویستوویت، دەزانیت؟
– منیش لینا گیان، بەردەوام خۆشم ویستوویت.

***

بەمجۆرە کاتەکان وا ڕۆیشتن وەک ئەوەی کۆتاییان نەیەت، ئەویش پاڵکەوتبوو و دەیڕوانییە تاریکاییەکە. با دەنگی زەنگی کڵێشاکەی دەهێنا، کاتێک زەنگەکە لێدەدرا و زەنگەکەش هەر لێدەدرا. دواتر هەستا و دانیشت، بەبێ بیر کردنەوە جارێکی تر ڕوانییەوە هاوڕێکانی، ڕوانییە ئەو پووش و پەڵاشەی لەسەری دادەنیشتن و دەخەوتن. دواجار بێ ئەوەی دەنگی لێوە بێت لەسەر پێیە پەتییەکانی ڕاوەستا.

کورسییە نزمەکەی هەڵگرت و خستییە ژێر دەلاقەی ڕووناکیەکە و لەوێ دانیشت. مانگیش لە نێو هەورە پڕ بارانەکانەوە دەدرەوشایەوە. ئەویش تەنها گۆڕستانەکەی دەدی. خاچە ڕەشەکانی دەبینی، کە لە تەنیشتی یەکترەوە بوون و ڕیزیان بەستبوو، ڕیزی درێژ و هی کورت.

لە ژێر ڕووناکییە زەردەکەدا هەڵسابووە سەر پێ و دەستەکانی درێژ کردبوون و لە یەک کاتدا مردن و ژیانی دەهێنایەوە بیر خۆی. ئەو سێبەرە سادەیەش کە هەردووکیان خستبوویانە سەر

زەوی، ئامـاژەی بە بوونی پاسـەوانێک دەدا، کـە لەنزیک خـاچی گـۆڕەکـانـەوە چوار مـشـقی دانیشتبێت. لەوێوە ڕووناکییەک پرشنگی دەدا، وەک ئەوەی یەکێک لەوێدا بێت، بەڵام نەخێر، ئەوە تەنها پرشنگی مانگ بوو. لە دووریشەوە، ڕێگەی گۆڕستانەکە کە بەلای ڕاستا دەچوو، لە پردەکە و ماڵەکانیش دەپەڕییەوە و پەڵەی ڕەشی دروست دەکرد، شەوی هێمن و ئارامیش بەسەر هەموو دیمەنەکاندا درێژ دەبووەوە.

(ڕیمی دی فیردت) بە جۆرێک لە بەر هەڵستییەوە لە مـانگ و گۆڕستانەکەش ڕامابوو. شتێکی توندونامۆ بوو. هەندێ جار، بیرکردنەوەی باڵی دەگرتەوە و ئەمی لە دوای خۆیەوە بەجێدەهێشت لە حـاڵەتی هەڵچووندا. نەیدەزانی لێرەدا چی دەکات، یان ئێسـتا چی دەبینێت. هەسـتی بە جەستەی خۆی نەدەکرد، هەسـتی بە ئازاری گورچیلە و شان و مل و قۆڵەکانی نەدەکرد، هەروەک ئەم جەستەیە کە جەستەی خۆیەتی، لە ناکاوڕا دیارنەمابێت. ئاخۆ ئەوە بە هۆی شەو نەخەوتنیی دوو شـەوی ڕابردووەوە بووبێت؟ هەر هێندەی خـۆی دا بەسـەر قـاچەکەی تریدا، ئازارێکی زۆری پێگەیشت وەک ئەوەی تیرێکی بەرکەوتبێت: (بەیانی تەرمەکەی دەنێژرێت).

لەبەر ئەوەیە، بەڵێ، ئەو بەم هۆیەوە لێرەیە، لەم سـاتەدا، لەم شـەوەدا، تەمـاشـای پێش خـۆی دەکات، لـەو ڕێگەیە دەگەڕێت لە پردەکەوە دەست پێدەکـات و دەگاتە دەروازەی گـۆڕسـتـانـەکە. جارێکی تر هەستی بەم دەردە سەریەی کردەوە، لە بەگیروەسـتـانی ڕەگە دەرمـارەکانی و ئازار و ژانە سەری.

شـەوی بە بەزەیی کـاتەکـانی ڕادەکـێشـا، هەورەکـان مـانگیـان داپۆشی. هەردوو گـڵـۆپە هەڵواسـراوەکـەیش لە سـەرەوە ڕووناکـیـیـەکی سـارد و سڕیان دەخـسـتـە سـەر قـوڕەکـە، زیندانییەکانیش بە هۆی شەکەتییەوە لە خەوێکی قووڵدا بوون.

ڕیمی لە کورسییە نزمەکەی دابەزی و هاتەوە سـەر پووش و پەڵاشـەکە بۆ ئەوەی ڕاکشێتەوە دەستەکانی خستنەوە پشت سەری.

– ڕیمی

– بەڵێ لینا گیان

– دەبێ کراسێکی پاک بکەیتە بەرت

– باشە لینا گیان

***

کاتێک لە دەلاقەکەوە تیشکێکی خۆڵەمێشی ڕەنگ دەرکەوت، بۆ جاری دووهەم هەڵسایەوە و دەست و دەموچاوی شۆری، بە جۆرێک کەس لە خەو بە ئاگا نەهێنێت.

ئەو قوتووەی هەڵگرت کە دایکی لینا بۆی دانابوو و خستبوویە پشت پووش و پەڵاشەکەوە کە کردبوویە جێ خەوی.. و.. کراسە پاکەکەی لەبەر کردەوە. نەعلێکی تازە و پاکی لە پێ کرد، هێلەکە ڕەشەکەی لەبەر کردوو مل پێچە شینەکەی کردە ملی.. دواتر دانیشتەوە و کەوتە تەماشا کردنی دەرەوە.

کاتێک تیشکە خۆڵە مێشەکە ئەو ناوەی گەرم داهێنا بە جوانی گۆڕستانە گچکەکەی بە دی دەکرد. مەودایەکی کورت دوور لە خۆی تەلەدرکاویەکانی سەر یەکێک لە خاچەکانی بەرچاو کەوت، شتێک بەملا و بەولادا، بەلای ڕاست و چەپدا لارە لارەی دەکرد، ڕەنگە ئەو جەنازە بووبێت. هەموو شتەکان لە مردن زیاتر دەردەکەوتن، بەڕادەیەک تیشکی مانگ نەبوو کە ئەوانەی ڕووناک دەکردەوە. دەرگاکەی جوان تێبینی دەکرد و هەردوو دیواری لا تەنیشتەکان و ریزە درەختەکان و ماڵەکان و موحاجەرە سپییەکەی پردەکەی دەبینی. بەڵام، هیچ کەسێک لە ڕێگەکەدا بە دی نەدەکرا. ڕووناکییەکە سەوز داگەڕا، سەوزێک وەک سەوزایی دەریا. سەربانی ماڵەکانیشی بە ڕەنگی شین دەبینی. هەروەک قوللەی کڵێساکەی (سان جوزێف) ی دەدیت، کە چۆن لەگەڵ گزنگی بەیانیدا قووت دەبووەوە. بەڵام بەردەوام کەسێک بەو گۆڕەستانەدا نەدەهات کە لە پردەکەوە دەگەیشتە گۆڕستانەکە.

سەیرە! لەسەر دیواری ئەودیووی سەربازگەکەوە چۆلەکەیەکی گچکە وەک یەکەمین نیشانەی ژیان دەرکەوت، کە لە خەو هەڵدەستا. چۆلەگەکەیەک بوو با پەڕەکانی بۆز کردبووەوە، چووە سەر خاچی یەکەم کە دەکەوێتە لای چەپی دیوارە بچکۆلەکەوە. چۆلەگەکەیەکی تریش گەیشتە لای. بێگومان هەردووکیان لەسەر کاری ئەمڕۆیان ڕێککەوتبوون کە لەو ساتەوە دەستی پێ دەکرد. دواجار بە سووکەڵەیی فڕی. بەڵام، کەس لەسەر ڕێگەی سەر پردەکەوە بە دی نەدەکرا.

کەواتە ئەم خاچە دارینەی سەر ئەو گۆڕە هی کێیە؟ ڕەنگە نووسرابێت لەسەری: ئەمە گۆڕی..... دواتر لە دێڕی دووهەمدا دوو مێژووی لە دایکبوون و مردن نووسراوە. ڕەنگە خاوەنی ئەو گۆڕەی لە ژیانیدا ناسیبێت؟ ڕەنگە هاوکات قسەیشی لەگەڵدا کردبێت. لە، مەودایەکی کەمێک دوورترەوە خاچێکی گچکەتری بینی. ڕەنگە هی منداڵێک بێت... خاچێکی تریش کە لەوەدا بوو بکەوێت و شتێشی لەسەر نووسرابوو لە بەرانبەر سەربازگەکەدا بوو، بەڵام ئەوەندە لێرە دوور بوو، کە بتوانێت نووسراوەکەی بخوێنێتەوە لە کۆڵیتەکەیەوە.

لە ڕێگە سەرەکییەکەشدا گۆڕی دەوڵەمەندەکان وەک مۆنومێنتێ جوانی وەک گۆڕەکەی (ڕۆمیلری) دارنووس وابوون. بەڵام هیچ لەسەر ڕێگەکە نەدەبینرا.

***

ئەو هەرا و زەنایەی ئێستا دەیبیستێ، ئاخۆ لە دوایەوە لە کۆلیتەکەوەیە یان لە دوورەوەیە؟ ئەی ئەو دەنگەی بانگ دەکات؟ بڕوات تەماشا بکات؟ نەخێر! نایەوێت... ئامادە نییە.. چونکە.. لەوێ، لەسەر ڕێگەکە چوار کەس تەرمێکیان هەڵگرتبوو. پیرە ژنێکیش لە دوایەوەیان بوو کە منداڵێکی لە ئامێز گرتبوو لەگەڵ قەشەکەدا، هەروەها پێنج شەش کەسێکی تریش بەڕێکی لە بەردەمیانەوە ڕێیان دەکرد، هەروەک بیانەوێت هەرچی زووترە کارەکە تەواو بکەن. چوونە نێو گۆڕستانەکە.

پیاوێک هاتە پێشەوە کە پێشتر چاوەڕوانیی دەکرد. گۆڕی خانەوادەی (ڕۆمیلر) یان گوزەراند، بە نێو گۆڕەکاندا دەڕۆیشتن، وەستان... چەندە ئاواتە خواز بوو ئەوانەی دەوروبەری هەڵیبگرن و بیخەنەوە سەر جێ خەوەکەی.

***

ڕیمی دی فیردت هەشت مانگ بە دەستگیر کراوی مایەوە. دواتر ڕۆژێکی سێ شەممان برایە دادگا. دادوەر بە ڕاستی پیاوێکی باش بوو. زۆر بە سەرنجەوە گوێی بۆ قسەکانی پیاوێکی سادە و ئاسایی دەگرت کە لە بەردەمیدا ڕاوەستێنرابوو و دەیتوانی هەر پرسیارێکی بوێت لێی بکات. دادوەر دەیزانی لە دوای گرفتەکانی ڕیمیەوە چ ئازار و مەینەتییەک هەیە، گوێی لەو هاواری ئازارە بوو، کە ڕیمی شاردبوویەوە. بۆیە کەوتە گریان. دواتر وەک باوکێک ئامۆژگاریی کرد. لە کاتی قسەکردنیدا خەمێکی قووڵی لێ بەدیدەکرا.

بە تەنها مایەوە، ماوەیەکی زۆر تەماشای پێشەوەی خۆی دەکرد.. لەبەر ئەوەی دادوەرێکی دادپەروەر بوو.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ (ڕیمی دی فیردت) دەگەڕایەوە ماڵەکەی خۆی.. ئەوەش لە بەهاردا بوو.

**سەرچاوە:** کتێبی "كان ذلك في الربيع" وقصص عالمية مترجمة / دار الشؤون الثقافية / ٢٠٠٢، وەرگێڕ بۆ عەرەبی: مها محمد حسن.